# تەقوای خودا بکە وتەکبیرات بکە لە هەموو شوێنێکی بەرزدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من دەمەوێت سەفەر بکەم؛ وەسیەت وئامۆژگاریم بکە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تەقوای خودا بکە (لە خودا بترسە) وتەکبیرات بکە* لە هەموو شوێنێکی بەرزدا»، کاتێک پیاوەکە دوور بووەوە، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «(اللهم اطْوِ له البُعدَ، وهَوِّنْ عليه السفر)**». *(تەکبیرات بکە: بڵێ -الله أكبر-)، **(واتە:خودایە، ڕێگای درێژ ودووری بۆ کورت بکەرەوە، وسەفەرەکەی لەسەر ئاسان بکە)

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک دەیویست سەفەر بکات، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من دەمەوێت سەفەر بکەم؛ وەسیەت وئامۆژگاریم بکە، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری کرد بەوەی تەقوای خودا بکات (لە خودا بترسێت)، وتەکبیرات بکات* ئەگەر گەیشت بە هەر هەموو شوێنێکی بەرز، کاتێک پیاوەکە دوور کەوتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای بۆی کرد بەوەی خوای گەورە ئەوەندە هێز و وزەی پێببەخشێت لە خۆی وهەروەها ئاژەڵەکەیدا بۆئەوەی ئەم ڕێگایەی بۆ پوخت ببێتەوە وبە ئارامی وبێ ناڕەحەتی بگاتە شوێنی مەبەست، وهەروەها ئەم سەفەرەی لەسەر ئاسان بکات -وهەموو زیان وناڕەحەتیەکی لێ دوور بخاتەوە.*(تەکبیرات بکە: بڵێ -الله أكبر)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6102